# تێڕوانینی ئەکادیمیەکانی ئێران و تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان داوودئۆگلۆو حافزنیا

د. هێرش عبدالله حمه کریم
زانکۆی سلێمانی
سکوڵی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەش مێژوو

**پێشەکی:**
بنەمای دەسپێکردنی مێژووی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵی ١٩٩١. کاتێك کە هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێرشی کردە سەر بەغداد بە مەبەستی دەرکردنی سوپای عێراقی لە خاکی کوەیتدا. یەکێك لە ئەنجامەکانی ئەم جەنگە دروستبونی هەرێمێکی جوگرافی سیاسی بوو کە تاساڵی ٢٠٠٣، لەدەرەوەی دەسەلاتی بەغداد بەڕێوەبەرایەتیەکی سەربەخۆی پێکهێنابوو، پاشان لە دوای روخانی رژێمی بەغداد لە ساڵی ٢٠٠٣، وەك هەرێمێکی فدرال' لە لایەن دەستوری نوێی عێراق دانیپیادانرا.

**گرنگی توێژینەوەکە:** هەرێمی کوردستان لەلایەن ئێران و تورکیا وەك تەنێکی نامۆ و نەخوازراو دەبینرا لە نەخشەی رۆژهەلاتی ناوەراستدا. ئەم وێنەیە لەلایەن سیاسیەکان و دەزگاکانی راگەیاند بۆ هەرێمەکە دەکێشرا. لەم نێوەندەدا ئەکادیمیەکان بۆچونی تایبەتی خۆیان هەبووە کە شانبەشانی سیاسەتمەدارو راگەیاندکارەکان توێژینەوەی زانستیان لەسەر هەرێمی کوردستان ئەنجامداوە. بۆیە گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە جەخت لەسەر راوبۆچونی ئەکادیمیەکان دەکاتەوە کە دورە لە هەڵوێستی لایەنێکی سیاسی یان وروژاندنی رای گشتی. هاواکات ئەکادیمیەکان بەوە دەناسرێن کە نەخشەداڕێژەرن بۆ سیاسیەکان، بۆیە زانینی بیروڕای ئەکادیمیەکان بەتایبەت کەسانی پسپۆری وەك حافزنیاو داوودئۆگلۆ، زیاتر نزیکمان دەکاتەوە لە بۆچونی دەوڵەت بەرامبەر بە پرسە سیاسیەکان.

**پرسیاری توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە، کە ئایا بەرزترین توێژی ئێرانی و تورکی کە ئەکادیمیەکانن لەناویشیاندا حافزنیاو ئۆگلۆ، چۆن دەڕواننە هەرێمی کوردستان؟ ئایا بۆچونەکانیان چونیەکە لەگەڵ بۆچونی سیاسەکان و بیروڕای دەوڵەتەکانیان؟ ئایا خاڵی هاوبەش و خاڵی ناکۆك لەنێوان بیروڕای حافزنیاو داوودئۆگلۆ سەبارەت بە هەرێمی کوردستان چییە؟

**رێبازی لێکۆڵینەوەی توێژینەوەکە:** ئەو رێبازەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا گیراوەتە بەر بریتییە لە رێبازی بەراوردکاری مێژوویی. ئەم رێبازە بریتیە لە دیاریکردنی خاڵی جیاوازو لێکچوو لەنێوان شتەکاندا. بەجۆرێك هەرێمی کوردستان وەك خاڵی هاوبەشی بیروباوەرەکانی حافزنیاو داوودئۆگلۆ دیاری کراوە، لە لایەن دوو کەسایەتی کە هەریەکەیان لە بەرزترین ئاستی زانستی بواری جیۆپۆلەتیکدان. هاوکات ئەم دوو باوەرە هەڵقولاوی دوو کۆمەڵگەی جیاوەزە کە کۆملگەی ئێرانی و کۆمەلگەی تورکیایە کە هەریەکەو ئامانجی خۆیی هەیە بەتایبە لە پەیوەندییە دەرەکیەکانیاندا. بۆیە لەیەك کاتدا هەرێمی کوردستان و ئاستی ئەکادیمی حافزنیاو

داوودئۆگلۆ خاڵی هاوبەشی توێژینەوە بەراوردکاریەکەیە، هاوکات کۆمەڵگەی جیاوازی ئێرانیو تورکی لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەتی هەریەکێکیان خاڵی جیاوازی لێکۆڵینەوەکەمانە.

**گرنگترین سەرچاوە:** ئەو سەرچاوانەی سودمان لێوەرگرتووە بریتیە لە توێژینەوەکەی حافزنیا بە ناوی "کاریگەری ئەزمونی خۆبەڕێوەبردنی کوردەکانی باکوری عێراق لەسەر دەوڵەتانی دراوسێ"، " تاثیر خودگردان کردهای شمال عراق بر کشورهای همسایه ". کە لە ساڵی ٢٠٠٦ بلاوکراوەتەوە. هەروەها بەشێك لە کتێبەکەی ئەحمەد داوودئۆگلۆ بە ناوی "قولایی ستراتیجی، پێگەی تورکیاو رۆڵی لە مەیدانی نێودەوڵەتیدا"، العمق الاستراتیجی، موقع ترکیا و دورها فی الساحه الدولیه" کە لە ساڵی ١٩٩٩ بلاوکراوەتەوەو لە ساڵی ٢٠٠٤ بەشێکی بۆ زیاد کردووە کە بە هەندێك دەسکاری کەمەوە جەخت لەسەر باوەرەکانی پێشوی دەکاتەوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** بریتیە لەم تەوەرانەی خوارەوە:

تەوەرەی یەکەم: رۆڵی ئەکادیمیەکان لە دروستکردنی بریاری سیاسیدا.

تەوەرەی دووەم: تێروانینی ئەکادیمیە ئێرانیەکان بۆ هەرێمی کوردستان حافزنیا وەك نمونە.

تەوەرەی سێیەم: تێروانینی ئەکادیمیە تورکەکان بۆ هەرێمی کوردستان، داوودئۆگلۆ وەك نمونە.

تەوەرەی چوارەم: بەراوردێك لە نێوان بۆچونەکانی حافزنیاو داوودئۆگلۆدا.

## تەوەرەی یەکەم- رۆڵی ئەکادیمیەکان لە دروستکردنی بریاری سیاسیدا:

وشەی کەسی (ئەکادیمی) (**Academic**) لەروی زمانییەوە لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرددا هاتووە، بەو کەسە دەوترێت کە پەیوەستە بە زانستو منحەی دراسیەوە[1]. فەرهەنگی کامبرج دەڵێت، وشەی ئەکادیمی بەکاردێت بۆ کەسێکی زیرەك کە توێژینەوە ئەنجام دەدات.[2] لەروی چەمکەوە ئەوکەسەیە کە دەرچوی بەشێك لە بەشە ئەکادیمیەکان بێت، هەروەها بۆچونەکانی لە بوارەکەی خۆیدا بایەخی ئەکادیمی هەبێت[3]. یان ئەو کەسەیە کە گرنگی بە زانست ئەدات بەپێی رێبازێکی زانستیو سەر بە دامەزراوەیەکی ئەکادیمیە[4]. یان ئەو کەسەیە کە سەر بە ئەکادیمیایەکە، ئەو ئەکادیمیایە یان زانستی بێت یان ئەدەبی یان هونەری[5].

بەپێی پێناسەکی سەرەوە، پێویستە کەسی ئەکادیی لەناو دەزگایەکی ئەکادیمیدا[6] کار بکات. دەزگا ئەکادیمیەکانیش دوو جۆرن یان زانکۆو کۆلیجەکان یاخود سەنتەرەکانی توێژینەوە. ناوەندە سیاسیەکان گرنگی زیاتر بە سەنتەرەکانی توێژینەوەو ئەو کادرە ئەکادیمیانە دەدەن کە لەناو سەنتەرەکاندا دەستبەکارن بە تایبەت ئەو ناوەندانەی کە گرنگی بە زانستی سیاسیو ئەو زانستانە دەدەن بەتایبەت زانستی یاساو جوگرافیاو ئابوری.

---

[1] www.oxforddictionaries.com/definition/english/academic

[2] http://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/academic

[3] http://www.wata.cc/forums/showthread.php

[4] http://www.almaany.com/answers/267779/

[5] http://www.collinsdictionary.com/dictionary/english/academist

[6] وشەی ئەکادیمیا رێکخستنێکی کۆمەلایەتییە لەو خەڵکانەی کە کار بۆ پێشخستنی زانستو هونەرو ئەدەبو مۆسیقا یان فکرو رۆشنبیری دەکەن. ئەکادیمیا بۆ یەکەمجار لە لایەن ئەفلاتونەوە دامەزرا. لە ساڵی ١٤٤٢ بۆ یەکەمجار لە فلۆرەنسا بۆ فێربونی ئەدەب دامەزرا. لە فەرەنسا لە ساڵی ١٦٣٥ دامەزرازو تا سەدەی ١٨، ٥٠ ئەکادیمیا دامەزرا لە بوارەکانی کشتوکاڵو پزیشکیو هونەرو موزیكو کانزا. لە ئەمریکای لاتین بۆ یەکەمجار لە کۆلۆمبیا لە ساڵی ١٨٧١ دامەزراو لە یابان لە ساڵی ١٨٧٩ دامەزراو لە هندستان لە ساڵی ١٩٣٥ دامەزراوە. بۆ زانیاری زیاتر بروانە ئینسایکلۆپیدیای بریتانی: //www.britannica.com/topic/academy-organization

گرنگيدانی سياسيەكان بە ناوەندەكانی توێژينەوەو [٧] كەسانی ئەكاديمی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بيستەم لە ئەمريكاو دواتر لە بريتانيا. لە گرنگترينيان پەيمانگەی كارينگی بۆ ئاشتی Carnegie Endowment for International Peace لە ساڵی ١٩١٠، پەيمانگەی برۆكينگز Brookings Institute لە ساڵی ١٩١٦ . ناوەندە سياسيەكان دوای دووەم جەنگی جيهانی زياتر پەرەی سەندو لە حەفتاكانی سەدەی پێشوو ژمارەو ڕێژەيان لە كيشوەرەكاندا بەم شێوەيە بوو:

| ناوچەی جوگرافی | ژمارەی سەنتەرەكان | ڕێژە |
|---|---|---|
| ئەفريقيا | ٥٤٨ | ٨ ٪ |
| ئاسيا | ١٢٠٠ | ١٨ ٪ |
| ئەوروبا | ١٧٥٧ | ٢٧ ٪ |
| ئەمريكای لاتينیو كاريبی | ٦٩٠ | ١١ ٪ |
| ئەمريكای باكور | ١٩١٣ | ٣٠ ٪ |
| ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو باكوری ئەفريقا | ٣٣٣ | ٥ ٪ |
| ئۆقيانوسەكان | ٣٩ | ١ ٪ |
| **كۆی گشتی** | ٦٤٨٠ | ١٠٠ ٪ [٨] |

وەك لە خشتەكەدا ديارە ولايەتە يەكگرتووەكانی ئەمريكا زياتر لە دەوڵەتانی تر بايەخ بە توێژينەوەی ئەكاديمی دەدات بە تايبەتيش توێژينەوەی سياسی[٩]. ئەمەش لەو باوەڕەوە سەرچاوەی وەرگرتبوو كە لە سەرەتای پەنجاكانی سەدەی بيستەمدا سەريهەڵدا لەژێر دروشمی (زانست بۆ كاركردن Science of Action) كە جەختيان لەسەر گواستنەوەی ئەنجامی توێژينەوەكان بوو بۆ خاوەن بڕيارەكان. يان وردتر بڵێين كاريان لەسەر پراكتيككردنی زانستو تيۆری دەكرد لە ناو كۆمەڵگەدا[١٠]. لەگەڵ ئەوەشدا تا نەوەدەكانی سەدەی بيست تێڕوانينی كۆمەڵگەی ئەمريكی بۆ دەزگا ئەكاديميەكان بە زانكۆكانيشەوە باش نەبوو بەشێوەيەك وا باو بوو كە ئەكاديمیو دەزاگا ئەكاديميەكان ڕۆڵيان لە ژيانی گشتيدا نييە. ئەم بۆچوونەش لە لايەن سياسيەكانەوە پشگيری

[٧] دەتوانين سەنتەرەكانی توێژينەوە پێناسەبكەين بەوەی بريتيە لە سەنتەری بەرهەمهێنانو بەڕێوەبردنی مەعريفەی توێژينەوە كە تايبەتمەند دەبێت لە لە بوارێكدا كە يان زانستيە يان فكريە بەجۆرێ: خزمەت بە گەشەپێدانو دروستكدنی سياستی گشتی بكاتو ڕێتە هۆی ڕێپيشاندەرو بونياتنانی ڕوئيايەكی داهاتوو بۆ كۆمەڵگەو دەوڵەت. سامي الخزندار و طارق الأسعد : دور مراكز الفكر و الدراسات في البحث العلمي و صنع السياسات العامة، مجلة السياسة والقانون، الجامعة الهاشمية الأردنية، ٢٠١٢، ص ٣.

[٨] د. سامي الخزندار د.طارق الأسعد : المصدر السابق، ص٤.

[٩] توێژينەوە سياسيەكان بريتيە : بريتيە لەوەی كە بۆچیو چۆن چالاكيە سياسيەكان لە بارودۆخێكی تايبەتدا كارلێك دەكەنو هەروەها وەسفی چارەسەری كێشەكان چۆن دەكەن. ئەمەش بە چوار قۆناغ تێپەر دەبێت، دياريكردنی كێشەكە، تێگەيشتن لێی، دانانی پلانی چارەسەر، چاودێريكردنی پلانەكە. Luiza Soare, CREATING A LINKAGE BETWEEN ACADEMIC RESEARCH AND POLICY-MAKING, EUROPOLITY, vol. 7, no. 2, 2013, p89

[10] Ibid, p90

دەکراو وا خۆیان دەبینی لەگەڵ جیهانی راستەقینە مامەڵ دەکەن بەڵام ئەکادیمیەکان خۆیان لەپلەی باڵای کۆمەڵگە دەبینن و خۆیان لەسەر بورجی عاجن بیروباوەڕەکانین واقعی نییە[11]. لە بریتانیاش بەهەمانشێوە ڕۆڵی ئەکادیمی و ناوەندە ئەکادیمیەکان چووە بەر باس و لێکۆڵینەوە. ئەوەبوو پارتی کرێکاران لەژێر دروشمی (گرنگترین ئەوەیە کە کارکەرترینە)what matters is what works ، هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٧ی بردەوە. وەزیری فێرکردن و دامەزراندن دیڤد بلانکیت بانگەشەی راگرتنی ئەو توێژینەوە بێ سودانە کرد کە پەیوەندیان بە پرۆسەی سیاسیەو نیە. لە فەبرایری ٢٠٠٠وتی: ئایا زانستە کۆمەڵایەتیەکان کاریگەریان لەسەر باشکردنی حکومەت هەیە؟ بۆیە بۆ خستنەکاری توێژینەوەکان، باوەڕی (دروستکردنی سیاسەتی پشتبەستوو بە بەڵگە)

"Evidence-Based Policy-Making" (EBPM)داهێنا[12].

بەرای لوزی سوارا لە زانکۆی نیشتمانی بۆ توێژینەوەی سیاسی و کارگێری گشتی لە بوخارست، بەردەوام سیاسیەکان و ئەکادیمیەکان کێشە لە نێوانیاندایە کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەیە:

١. لای سیاسی و بیرۆکراتەکان هۆشیاری تەواو نییە لەسەر توێژینەوەی ئەکادیمی.

٢. هێزێك هەمیشە لەناو دەوڵەتدا کە دژایەتی بەکارهێنانی توێژینەوە دەکات لەدروستکردنی بریار ئەمەش لە ترسی هێزی فکری ئەکادیمی لەناو حکومەتدا.

٣. سیاسەکان توانای هەزمکردنی توێژینەوەی ئەکادیمی نییە.

٤. سیاسیەکان پاڵپشتی تەواوی توێژینەوە ناکات چونکە بە بایەخدارو گرنگ نایبینێت.

٥. بەناوی مەترسی ئاسایش نهێڵن ئەکادیمیەکان بەتەواوی دەستیان بە داتای راست و دروست ناگات .

٦. تێروانینی سیاسیەکان بۆ پرۆسەی سیاسی جاوازە لە تێروانینی ئەکادمیەکان.

٧. پەیوەندی نێوان سیاسی و ئەکادیمی کارا نییەو دورن لە یەکتر[13].

هاوکات بەرای پرۆفیسۆر ولیەمسن هیڵ، کە پسپۆری زانستی کۆمەڵایەتیەو راگری کۆلیجی پیدەمۆنتە لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دەڵێت: کێشەی نێوان ئەکادیمی و سیاسی ئەوەیە سیاسی داوای وەڵامی خێرا دەکات بۆ پرسەکان و ئەکادیمەکان ئەمە بە پێچەوانەی رێبازی ئەکادیمی دەزانن و توێژینەوەکانیان لەسەرخۆیە. بۆیە هەریەکە وا سەیری ئەوی تر دەکات کە لە کارەکەی ئەو تێناگات[14].

بۆیە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەکادیمیەکان و توێژینەوەکانیان زۆر درەنگ و لە لە کۆتایەکانی سەدەی بیستەمدا بوون بە جێگای بایەخی سیاسیەکان. بەڵام مەرجیش نەبووە راوبۆچونەکانیان وەك خۆی لە لایەن سیاسیەکانەوە کاری لەسەر کرابێت بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا کە وەك لە خشتەکەی پێشودا دیارە کەمترین بایەخ بە ناوەندەکانی توێژینەوە تیایدا دراوە.

[11] LaVerne Williamson Hill :Political and Academic Linkages in Public Sector Policymaking, *Journal of Higher Education Outreach and Engagement*, Volume 11, Number 1, p. 221, (2006

[12] Luiza Soare, op. cit, p95

[13] Ibid p 96-96.

[14] LaVerne Williamson Hill, op. cit, p. 221.

**تەوەرەی دووەم- تێڕوانینی ئەکادیمیە ئێرانیەکان بۆ هەرێمی کوردستان:**

پێش ئەوەی باس تێڕوانینی ئەکادیمیەکان بۆ  لە هەرێمی کوردستان بکەین ، پێویستە بیروڕای ئەکادیمیەکان سەبارەت بە کورد بزانین. توێژینەوەیەکی ئەکادیمی کە لە زانکۆکانی ئێراندا لەبەردەستدا بێت بریتە لە کتێبەکەی رەشید یاسمی بە ناوی، کوردو وابەستەی بە نەژادی ئەوان[15]، کە کوردەکان بە بەشێك لە نەتەوەی ئێرانی دەزانێت. ئەم توێژینەوەیە لەژێر کاریگەری فکری دەوڵەتی پەهلەویی ئێراندا نوسرابوو، بەناوی نەتەوەی ئێرانی کاری لەسەر تواندنەوەی نەتەوە جیاوازەکانی دەکرد لەناو دەوڵەتی ئێرانی فارسی زماندا. هەر ئەمەش هۆکارە کە توێژینەوەی ئەکادیمی تایبەت بە کورد لە سەردەمی رژێمی پەهلەویدا زۆر دەگمەنە.

لەدوای دامەزراندنی رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێرانی لە ساڵی ١٩٧٩ توێژینەوە ئەکادیمیەکان کە بڵاوەکرانەوە، زیاتر لەسەر بزوتنەوە چەکدارییە کوردیەکان دەکراو وەك بەکرێگیراوی ئیمپریالیزمی ئەمریکیو زایۆنی ناوبراونو بە داردەستی بێگانە ناویان هاتووە کە کار لە دژی شۆرشی ئیسلامی دەکەن. بۆ نمونە سوپای پاسداران لە سەرەتای شۆرشی ئیسلامیدا توێژینەوەیەکی بڵاو کردۆتەوە بەناوی "کوردستان، ئیمپریالیزمو گروپە وابەستەکانیان"، کە چەند خاڵێك دەخاتە روو لەوانە هەردوو دەوڵەتی وەك یەکێتی سۆڤیەتو ئەمریکا لە ململانێی خۆیانادا کوردستان ئەکەن بە سەنگەر لە دژی ئیسلامو ئێران. ئەوان لە رێگای نەتەوایەتی، نەخوێندەواری کۆمەڵگەی کوردی، جیاوازی مەزهەبیو بە یارمەتی گروپە بەرهەڵستکارە داردەستەکان، ئەم کارانە دەکەن. لە لایەکی تر ئەمریکا بەتایبەتی دەخوازێت لە کوردستاندا ئیسرائیلی دووەم دروست بکات[16].

لەگەڵ تێپەربونی کات پایەکانی رژێمی ئیسلامی لە ئێران چەسپاوتر دەبوو، هاوکات جەنگی ئێران لەگەڵ عێراقدا لە ساڵی ١٩٨٠-١٩٨٨، مەترسی روخانی رژێمەکە کەمتر بوو، هەربۆیە توێژینەوە ئەکادیمەکانیش زیاتر پەرەدەسێنێت. لە  یەکێك لەو توێژینەوانە، لێکۆڵینەوەیەکی، دکتۆر حەمید ئەحمەییە، بە ناوی "نەتەوەو نەتەوایەتی لە ئێران، ئەفسانەو راستی"، بەرای ئەو، گروپە جیاوازەکانی وەك کوردو بەلوچو ئازەر ریشەیەکی مێژوویان لە ئێراندا هەیەو لە ژێر کاریگەری میراتی سیاسیو کلتوری ئێرانو ئەزموونی هاوبەشی کۆمەڵگای ئێرانیدا خۆیان بینیوەتەوە. بیری ناسیۆنالیستی کوردیش لەژێر کارتێکەری دەرەکیدا بووەو دواتر سیاسیەکانی کورد بانگەشەیان بۆ کردووە[17].لێرەدا دەگەینە ئەو باوەرەی کە لە دیدی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە کورد بوون وەك نەتەوەیەکی تایبەت لە ئێرانو کوردایەتی وەك پرۆژەیەکی نەتەوایەتی، دوو شتی هەناردەکراوی بێگانەی رۆژئاواییە، بەڵام ئەوەی کە رەسەنایەتییە ئەوەیە کە کورد شانازی بە ئاینی ئیسلام بکاتو رێزی تایبەتی بۆ ئەو پیاوە ئاینیانە هەبێت کە سەرکەوتنیان بۆ شۆرش بەدیهێناوە، ئاینی ئیسلامو شوڕشی ئیسلامی ئێران زامنی پارێزگاری کردنی مافی نەتەوەکانە.

بەڵام جیاوازییەکی گەورە لە نێوان بۆچوونی ئەکادیمی ئێرانی بۆ کێشەی کورد لە وڵاتەکەیانداو کێشەی کورد لە عێراقدا هەیە، کە لە هەرێمی کوردستاندا خۆی دەنواند. هەرێمی کوردستان لەژێر پاراستنی هێزی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیدا بوو، بۆیە ئێران وەك بارێکی دیفاکتۆ مامەڵەی لەگەڵ دەکرد. هەر لەم روانگەیەشەوە ئەکادیمیەکان توێژینەوەکانیان دەسپێکرد. ئەکادیمیەکان دوو جۆر بوون یەکەمیان ئەو کەسانەبون کە

[15] غلام رضا رشید یاسمی: کردو پیوستگی نژادی ان، انتشار امیر کبیر، ١٣٦٣، ص٩.

[16] دفتر سیاسی سپاه پاسداران انقلاب اسلامی: کردستان "امپریالیزمو گروههای وابسته،١٣٥٩. ص١٠-١٢

[17] حمید احمدی: قومیتو قوم گرایی در ایران، افسانەو واقعیت، کتابخانه ملی ایران،١٣٧٨. ص٣٧٢-٣٧٤

توێژینەوەكانیان لە پێناوی بروانامەی زانكۆیی بوو. كە ئەم تویژینەوانە بڵاو نەكراونەتەوە. جۆری دووەمیان ئەو كەسانە بوون كە بۆ ناوەندە ئەكادیمیەكان دەیاننوسی. هەر ئەمە وادەكات ئەمەی دووەم جێگای بایەخی ئێمەبێت. لە گرنگترینیان ئەو كەسایەتییانە، جیهانگیر كەرەمییە كە ئەندامی هەیئەتی زانستی زاكۆی ئیمام حسینە، كەرەمی دوو توێژینەوەی هەیە یەكەمیان بەناوی ڕێگوزەری گۆڕانكانكاریەكانی باكوری عێراق لە دەیەی١٩٩٠دا، "گزارش از تحولات شمال عراق در دهەء ١٩٩٠[١٨]"، لەم توێژینەوەدا باس لە چۆنیەتی سەرهەڵدانی هەرێمی كوردستان دەكات و پەیوەندیەكانی لەگەڵ دەوڵەتەكانی ناوچەكەو هێزەكانی تر هەڵدەسەنگێنێت. دووەمیان سیاسەتی ئێران بەرامبەر كوردستانی عێراق بەراورد لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠و ١٩٩٠ (سیاست ایران در قبال كردستان عراق بررسی مقایسە هاى دهە ١٩٩٠و١٩٧٠). لەم نوسینەدا سیاسەتی ئێران لە چوارچێوەی نێودەوڵەتی و ناوچەیی و ناوخۆیدا لە بەرامبەر كوردستانی عێراق دەكۆڵێتەوە. هەروەها باس لە گۆڕانكاریەكانی كێشەی كورد دەكات بەتایبەت دوای سەرهەڵدانی هەرێمی كوردستان.

یەكێكی تر لەو كەسایەتیانە ئەصغەر جەعفەر ولدانیە كە توێژینەوەیەكی هەیە بەناوی چاوتێبرینەكانی توركیا لە باكوری عێراق "چشم داشت ها تركیە بە شمال عراق[١٩]". گرنگترین خاڵ كە لەسەری وەستاوە بریتیە لە نزیكبونەوەی توركیا لە كوردستانی عێراق و سیاسەتی دەسوەردان و چاوتێبرینی توركیا لە هەرێمی كوردستان. خاڵی هاوبەشی كەرەمی و ولدانی لە توێژینەوەكانیان ئەوەیە كە زیاتر باس لە ڕوداوە سیاسەكان دەكەن و پێگەی هەرێمی كوردستان وەك ناوچەیەكی ستراتیجی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەرژاو ناگرن، كە هەر ئەم هۆكارەیە حافزنیا لە كەرەمی و ولدانی جیادەكاتەوە.

محەمەد ڕەزا حافزنیایە[٢٠] كە دوو توێژینەوەی هەیە یەكەمیان بە ناوی كاریگەری ئەزمونی خۆبەڕێوەبردنی كوردەكانی باكوری عێراق لەسەر دەوڵەتانی دراوسێ "تأپیر خودگردانی كردهای شمال عراق بر كشورهای همسایە" . ئەوی تر بەناوی هەڵسەنگاندنێكی پراكتیكی شێوازی خۆبەڕێوەبردنی كوردستانی عێراق لەگەڵ شێوازی ئۆتۆنۆمی و فدراڵیدا، "تحلیل تگبیقی الگوی خودگردانی كردستان عراق با الگوهای خود مختاری و فدرالیسم".

لەم توێژینەوەیەدا گرنگی دراوە بە توێژینەوەی یەكەمی حافزنیا چونكە بەپێی ڕێبازی بەراوردكاری لێكچون هەیە لەگەڵ توێژینەوەكەی داوودئۆگلۆ لە خاڵێكدا ئەویش ئەوەیە هەردوكیان لەروانگەی پێگەی ستراتیژی هەرێمەوە باوەڕەكانیان دارشتووە.

ئەگەر ڕێگوزەرێك بگەین بەو بارودۆخەی كە حافزنیا توێژینەوەكەی تیادا نوسیوە دەبینین لەوكاتەدا، ئێران لەژێر هەڕەشەی هەڵمەتی سەربازی ئەمریكادا بوو. ئێران هەڵبژاردەی سێیەمین بوو بۆ ڕوخاندن، لەدوای

---

[١٨] جیهانگیر كرمی: گزارش از تحولات شمال عراق در هە١٩٩٠ (٧٦-١٣٦٩)، مجلە (سیاست دفاعی)، شمارە ٢١-٢٠، ١٣٧٦.

[١٩] أصغر جعفر ولدانی :چشم داشتهای تركیە بەشمال عراق، بش دوم، مجلە (اطلاعات سیاسی اقتصادی) شمارە ٩٨-٩٧.

[٢٠] لەدیكبوی ساڵی ١٩٥٤ لە پارێزگای ئیلام، دەرچوی زانكۆی تربیت مدرسە، دكتۆراكەی بەناوی (كەنداوی فارسۆ ڕۆڵی ستراتیجی دەچەی هورمز). ئەندامی دامەزرێنەری دامەزرێنەری ئەم ناوەندو گۆڤارانەیە:: سەنتەری ڕۆشنبیری باڵای ڕۆشنبیری لە وەزارەتی پەروەردە، گۆڤاری ئێرانناسی بە زمانی فارسی ئنگلیزی ئۆردوو، سەنتەری توێژینەوەی ئەفریقا، ئەنجومەنی جیۆپۆلەتیكی ئێران،گۆڤاری زانستی نێودەوڵەتی، هاوكات ئەندامی ئەنجومەنەكانی جوگرافیایە لە بریتانیاو هندستان. ساڵی ٢٠٠٥ وەك پرۆفیسۆری نمونەیی لە ئێران دەستنیشانكراوە. خاوەنی ٢٠ كتێبە، لە گرنگترینیان جوگرافیای سیاسی ئێرانە كە بۆ ساڵی ٢٠٠٢و ٢٠٠٣، وەك باشترین كتێبی ساڵ لە ئێران دەستنیشان كراوە. خاوەن ١١٠ توێژینەوەی زانستییە لە كۆڤارە باوەڕپێكراوەكانی ناوو دەرەوەی ئێران، هەروەها ٥١ كۆڕی لە كۆنفرانسە زانستیەكاندا هەبوو، ١٣٠ وتاری جۆراوجۆری لە گۆڤارو ڕۆژنامەكاندا هەیە. بۆ زانیاری زیاتر بروانە پێگەی تایبەتی حافزنیا: http://hafeznia.ir/

رژێمەکەی تالیبان لە ئەفغانستان لە ساڵی ٢٠٠١و رژێمی سەدام حسین لە ٢٠٠٣. لەم کاتەدا ئێران دەورووپشتی بە هێزی ئەمریکا گیرا بوو. لە باکورەوە هێزی لە هەندێك کۆمارەکانی ئاسیای ناوەراست جێگیر کردبوو. لە رۆژهەلاتەوە لە ئەنجامی روداوی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، ئەفغانستانی داگیرکردبوو. هاوکات کەشتییە سەربازییەکانی لە کەنداوی عەرەبی/فارسیدا بوون. لە رۆژئاواشەوە بنکەی سوپایەکی پرچەکی ئامادەکراوی لە عێراقدا دامەزراندبوو.[٢١]. هەرێمی کوردستانیش لەروی یاساییەوە پێگەی بەهەلواستراوی مابۆوەو موولەق بوو لەنێوان مانەوە لەعێراقێکدا یان جیابونەوە لێی. بۆیە حافزنیا لە کاتێکدا ئەو توێژینەوەی نوسیوە کە چارەنوسی رژێمی ئێرانی پرسیاری لەسەر بوو، هاوکات دروستبونی دەوڵەتی کوردی لە عێراقدا چاوەروان کراو بوو. حافزنیا خۆشی لە پێشەکی توێژینەوەکەیدا نوسیویەتی: ، گۆرانکارییە جیۆپۆلەتیکییەکان ئەگەر لەسەر ئاستی جیهانی بێت یاخود ناوچەیی، لەناواخنی خۆیدا ناجێگیری لەگەڵ خۆی دەهێنێت. ئەم ناجێگیرییە رەنگدانەوەی ئەو بێسیستەمییەیە لە میانی نەمانی جیۆپۆلەتیکی کۆنو سەقامگیربونی جیۆپۆلەتیکی نوێ جوڵە دەکاتو دێتە کایەوە[٢٢].

توێینەوەکەی حافزنیا بە هەڵسەنگاندنی جێۆپۆلەتیکی کوردستانی گەورە دەسپێدەکات. لەویادا ئاماژە بە پێگەی کیشوەری کوردستان دەکات لەگەڵ دەوڵەمەندی بە سامانی نەوتی دەکات. توێژەر دەڵێت، دابەشکردنی کوردستان لە نێوان دەوڵەتەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست، وایکردووە ببنە هاولاتی پلە دوو، ئەوەی ئەم کارەی کردووە جوگافیای دابەشکراوی کوردستانە کە کەوتۆتە لێواری دەوڵەتەکان، هەروەها شورشی کوردیش زیاتر ئەم فەرامۆشکردنی لە لایەن دەوڵەتەوە زیاتر کردووە. لەگەڵ ئەمەشدا دواکەوتویی ئابوریو کۆمەلایەتی کوردەکان باوەری نادادپەروەریو رقی کوردەکانی زیاتر کردووە بەشێوەیەك پەیوەندییانی بە دەوڵەتی ناوەندەوە لاواز کردووە[٢٣]. وێرای ئەمە ئاماژە بەوە دەکات کە کوردستان دەکەوێتە نێوان پێنج دەوڵەت ئەویش عێراقو ئێرانو ئەرمینیاو تورکیاو سوریایە. لەنێوان چوار شارستانیەتو کلتورو (بان)دایە کە ئێرانو عەربستانو قەفاسیاو ئەنادۆڵە. لەسەرەرێگای کیشوەرەکانی ئاسیاو ئەفریقاو ئەوروپایە. هەر بۆ ئەم مەبەستە باوەرەکەی خۆی بەنەخشەیەك رونکردۆتەوە. لە باسی مێژوی کورددا دەنوسێت، کورد لەگەڵ خاکەکەی بە درێژایی دوو هەزارساڵ پێش زایین وابەستە بوونو تیایدا نیشتەجێ بوون بەشێوەیەك ناسنامەی ئارکیۆلۆجیو چەمکی نیشتمانو هەستی پەیوەندی بە خاکەوە بۆ پەیدا کردوون و بەمەش ژێرخانی هەستی رەوایەتی هاولاتی بوونو خۆبەریوەبردنی بۆ دروست کردوون . نەوروز کە جەژنێکی ئێرانیو نەتەوە وابەستەکانیەتی، لای کورد هەستو سۆزێکی لەرادەبەدەری بۆ پەیدا کردونو هەمویان کۆدەکاتەوەو تێگەیشتنێکی سیاسی لای کوردەکان دروست کردووە کە کۆی کردونەتەوەو ئاراستەیان دەکات لەبەرامبەر حکومەتەکانی ناوەندا.

دەربارەی بیری نەتەوەیی دەڵێت: ئەوەی ناسنامەی هاوبەشی کوردەکانە لە دەوڵەتەکانی رۆژهەلاتی ناوەراستدا، چەمکی کوردایەتییە کە شێوەیەکی نەتەوایەتی پێبەخشیون. کوردایەتی دەتوانێت وەك هێزێکی بەتواناو روو لە

[٢١] Middle East Review of ،THE NEAREST AND DEAREST ENEMY: IRAN AFTER THE IRAQ WAR:Abbas William Samii www.meria.idc.ici ،Vol. 9, No. 3 (September 2005) )MERIA(International Affairs

[٢٢] تأثير خودگردانی کردهاي شمال عراق بر کشور هاي همسايه .« ، فصلنامه تحقيقاتی جغرافيايی شماره ٨٣ ، ١٣٨٥، ص٦.

[٢٣] همان منبع قبل،ص١١-١٢.

هەڵکشان، کە کۆکەرەوەی ناسیۆنالیزمی کوردییو بیری سیاسی دەوڵەتی کوردییە لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا بێتە کایەوە وەك کۆکەرەوەی کوردەکان خۆی پیشان بدات[٢٤].

بەرای حافزنیا هەرێمی کوردستان سێ کاریگەری بەسەر ناوچەکە داناوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم- کاریگەری دەرونی: بەرای حافزنیا ئەزمونی حوکمرانی کوردی بە درێژای ١٥ساڵی پێشوو، هەستی متمانەو پشتبەستن بەخۆیانی زیاتر کردووە. هاوکات لەهەوڵدان بۆ گەشتاندنی سیستەمی فدراڵی لە رێگای دپلۆماسیو راگەیاندنو کەلتوری بەسەر دەوڵەتانی ناوچەکەدا. ئەم هەوڵانە وایکردووە هەرێمی کوردستان ببێتە سەنتەریی سۆزو هەستی کوردایەتی بۆ زیاتر لە ٢٥ ملیۆن کوردی ناو دەوڵەتەکانی رۆژهەلاتی ناوەراستو بیری ناسیۆنالیستی تیایاندا پەخش کردووە بەشێوەیەك بۆتە هێزی دڵ و ئومێدو چاوەروانی هەلی باشتر دەکەن تا ئەوانیش لە دەوڵەتەکانی تورکیاو ئێرانو سوریادا بۆیان فەراهەم بێت[٢٥].

دووەم- کاریگەری سیاسی: هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەزمونی خۆبەرێوەبردنو هەروەها سیستەمی بەجیهانیبونو پارێزگاریکردنیان لە لایەن ئەمریکاو ئەوروپاوە، توانیویانە ئومێدیکیان بە پرسەکەیان هەبێت، پرسی کورد تێکەڵی پەیوەندیە نێودەوڵەتەکانو ناوچەیەکان بکەن. رەنگدانەوەی ئەم کارە وایکردووە هەرێمی کوردستان ببێتە بنکەی پەیوەندی نێوان کوردستانو جیهانی دەرەوە، هاوکات لەم رێگایەوە فشاری دەوڵەتانی ناوچەکەیان لەسەر سوکتر بووە. وێرای ئەوە دەوڵەتەکانی ناوچەکەیان تووشی تەحەدییەکی گەورە کردووە بەجۆرێك دەوڵەتێکی وەك تورکیا خۆی نەگرتووە لەبەرامبەریداو بەشێوەی سەربازی دەسوەردانی کردووە. ئەم فشارە بەردەوامەی هەرێمی کوردستانو رای گشتیو نێودەوڵەتی بۆ سەر دەوڵەتانی ناوچەکە وایکردووە کە بەسەر سیاسەتی ناوخۆیی خۆیاندا بەرامبەر بە کورد بچنەوە، بە تایبەت لە گرنگیدان بە کلتورو زمانی کوردیو بەشداری سیاسی زیاتری کورد لەو دەوڵەتانەدا[٢٦].

توێژەر لێرەدا چەند نمونەیەکی دەهێنێتەوە بەتایبەت لە خۆپیشاندانەکانی شارەکانی ئێران بە شێوەی سرتاسەری لەمەر کێشەنەتەوەیەکان، یان هەوڵدان بۆ دروستکردنی فراکسیۆنی کوردی لە پارێزگا شیعەو سونەکانی کوردستان، بەمەش هەستی نەتەوەیی پێشی هەستی مەزهەبی کەوتووە. لە تورکیا باس لە چاکسازیەکانی ئەردۆگان دەکات بەرامبەر بە پرسی کورد. لەسوریاش باسی بەهێزبونی چالاکیە سیاسیەکان دەکات لەژێر کاریگەری هەریمی کوردستانو روداوەکانی ناوخۆی تورکیاد[٢٧]ا.

سێیەم- کاریگەری ناوچەیی: هەرێمی کوردستان بۆتە هۆی کۆکردنەوەی سێ دەوڵەت دژ بەیەك کە ئێرانو تورکیاو سوریایە. ئەمەش لە رێگای دانیشتنە سێقۆڵیەکانیان کە لە ساڵی ١٩٩٣ بەدواوە درێژەی کێشا. ئامانجیان دژایەتیکردنی هەستی جواداخوازی بوو لە هەرێمی کوردستان. لێرەدا نمونەی لێدوانی سەفیری ئێران لە تورکیا دەهێنێتەوە لە ئەپریلی ٢٠٠٦و دەڵێت هۆشداری دەدەین لە دامەزراندنی کوردستانی گەورە".

پێگەی جیۆپۆلەتیکی کوردستان لای حافزنیا لە ئێستای رۆژهەلاتی ناوەراستدا بەجۆرێکە لە ئاستی کوردستانی گەورەدا وەك سەنتەر خۆی دەنوێنێت. هاوکات پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە کەوایکردووە لە تۆڕی

---

[٢٤] همان منبع قبل،ص١٦.

[٢٥] همان منبع قبل،ص٢٢.

[٢٦] همان منبع قبل،ص٢٤.

[٢٧] همان منبع قبل،ص٢٥.

سیستەمی سیاسیو شارستانییە جۆراوجۆرەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست ئاڵاوە. هەروەها وەك بەشێك لە رۆژهەڵاتی ناوەراست، بە سیاسەتو دانیشتوانی دەوڵەتانی دەوروپشتی تێکەڵ بووەو کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەوانو ئەمیش کاریگەری لەسەر ئەوان داناوە.

بەرای ئەو هەرێمی کوردسستان چاوەروانی ئەوەی لێدەکرێت زیاتر کارلێك لەگەڵ ناوچەکە بکاتو لەسەر چوار ئاست دەربکەوێت:

ئاستی یەکەم: وەك سەنتەری سیستەمەکە، کە خۆی لە حکومەتی هەرێم دەبینێتەوە بە درێژایی ١٥ ساڵی پێشوو بووە بە سەنتەری گۆرانکارییەکانی ناوچەکەو بەشێوە گۆراوە بۆ رەگەزی دینامیکیو پێشرەوەی.

ئاستی دووەم: بەشە کوردنشینەکانی دەرەوە، کە بەشێکی گەورەی سیستەمە سیاسیو فەزاییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست هەژمار دەکرێن، بەتایبەت لە تورکیاو سوریاو ئێران. ئەم بەشانە کەوتوونەتە کەناری ئەم دەوڵەتانەو لە لایەکی تر کەوتونەتە دەوروبەری سەنتەری کوردستان یان با بڵێین هەرێم. بۆیە ئەم ناوچانە ناسنامەیەکی دووسەریان هەیە، یەکێکیان ناسنامەی کوردستانی ئەوی تریان ناسنامەی دەوڵەتەکانی خۆیان.

ئاستی سێیەم: رژێمەکان یان سیستەمەکانی ناوچەکە خاوەنی کەمینەی کوردیینو وەك رەگەزە گرنگەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراستن وەك سوریاو ترکیاو ئێرانو عێراق هەتا لوبنانو ئەرمەنستانیش.

ئاستی چوارەم: سیستەمە لاوەکییەکان یان فەرعییەکان، کە بە شێوەی ناراستەوخۆ پەیوەندیان بە کەمینە کوردیەکانەو ئەوانیش بریتین لە عەرەبو تورکو ئازەر بە شیعەو سونەکانەوە.

پەیوەندیەکانی کوردستان بە ئاستەکانی سێیەمو چوارەمەوە کە رژێمەکانی رۆژهەڵاتی ناوەرراستو نەتەوەکانی وەك عەرەبو تورکیو فارسو ئازەرە، بە شێوەی خەصمو رکەبەری بووە. بەشێوەیەك لە سەدەکانی ١٩، ٢٠، تا ئێستا جیپۆلەتیکێکی هەستیاری بووەو هەمیشە لەژێر کاریگەری هەرەشەی ئەو دەوڵەتانەدا بووە، بۆیە بزوتنەوەو ناسیۆنالیزمی کوردی لێیان بێئومێد بووەو روویان لە سیستەماکانی جیهانی کردووە بە تایبەت ئەوروپاو ئەمریکا[٢٨].

لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە کە کاریگەری سیستەمی ناوەند (هەرێمی کوردستان) بەسەر سیستەمی دەوروبەر (دەوڵەتانی دراوسێی هەرێمی کوردستان)، بەشێوەیەکە کە ئەگەر پارێزگاریو پشتیوانی نێودەوڵەتیو گەورە هێزەکان بۆ سیستەمی ناوەند (هەرێمی کوردستان) بەردەوامبێت ئەوا سیستەمی دەوروبەر(دەوڵەتانی دراوسێی هەرێمی کوردستان)، دەکەوێتەژێر فشارو گۆرانکاریو بەناچاری پێویستە چاکسازی لە سیاسەتی نەتەوەیی خۆیان بەرامبەر کورد بکەن[٢٩].

<u>**تەوەرەی سێیەم- تێروانینی ئەکادیمیە تورکیەکان بۆ هەرێمی کوردستان:**</u>

لەگەڵ درروست بونی دەوڵەتی نوێی تورکیا لە ساڵی ١٩٢٣، دوو پرس هەبووە کە هەموو هاوڵاتیەکی تورکیا بە هەستیارانە مامەڵەی لەگەڵ کردووە یەکەمیان، پرسی دەسەڵاتی ئیسلامی، دووەمیان پرسی کورد. هەرکەس لەم بابەتانە نزیك بوبێتەوە ئەوا بە کۆنەپەرست یان جوداخواز ناوزەد کراوەو سزای یاسایی لەسەر بووە. هەر بۆیە توێژینەوە ئەکادیمیەکان سەبارەت بە پرسی کورد دوو رەوت بووە، یەکەمیان رەوتی پێچەوانەی دەستورو سیاسەتی دەوڵەت بووە بۆ پرسی کورد بوو لە تورکیاو ئەم رەوت تا ئێستا لە لایەن پرۆفیسۆر دکتۆر ئیسماعیل

[٢٨] همان منبع قبل،ص٣١.

[٢٩] همان منبع قبل،ص٣٤. بروانە پاشکۆی ژمارە ١.

بیشکچی سەرۆکایەتی ئەکرێت کە بەهۆیەوە چەندین جار زیندانی کراوە. رەوتی دوەم ر هاورای دەستورو سیاسەت دەوڵەت بوووە، لەم بوارەشدا چەندین توێژینەوە هەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر ئەوەی بە بەردەوام لە تورکیادا پرسێك هەبووە بە ناوی پرسی کورد، بۆیە ژمارەی توێژینەوەکان سەبارەت بەم پرسە لە تورکیادا بە بەراورد لەگەڵ ئێران زیاترە.

لە توێژینەوە بەراییە ئەکادیمیەکان سەبارەت بە پرسی کورد، توێژینەوەکەی پرۆفیسۆر فەخرەدین کیرزئۆگلۆ یە بەناوی، کوردەکان و تورك، توێژینەوەیەك لە مێژوو، زمان، زانستی مرۆڤ، ئیتنۆگرافیا، کۆمەڵناسی، داستانی نەتەوەیی،داب و نەریت و فۆلکلۆر. بەرای ئەو وشەی کورد وشەیەکی تورکیەو واتای بەفر دەگەیەنێت. کوردەکان سەر بە خێڵ هۆنەکانی تورکن و بەردەوام لە کۆچرەویدا بوون لە نێوان مەنگۆلیاو ڤییەناو کەنداوی فارسی. هەر بۆ هەمان ئامانج بەڵگەی مێژوییی و زمانەوەانیی و زانستی مرۆڤ دەهێنێتەوە[30].

توێژینەوەیەکی تر بریتیە لە توێژینەوەکەی مەحمود ریشوانگول، بەناوی خێڵەکانی رۆژهەڵات و ئیمپریالیزم. کە لە ساڵی ١٩٧٥ کراوە بە کتێب و پاشان لە ساڵی ١٩٩٢ دوبارە چاپکراوەتەوە، بەرای ئەو بزوتنەوە چوکداریە کوردیەکانی تورکیا لە لایەن بریتانیاوە بە پارەو چەك لە دژی تورکیا هاندەدران بە تایبەت لە ساڵانی بیستەکان و سەیەکاندا[31].

لەگەڵ هاتنەکایەی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١و هەروەها فراوانبونی چالاکیەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، ژمارەی توێژینەوەکانی تایبەت بە پرسی کورد لە تورکیا زۆرتررو ئەکادیمی تر بووە بە دوو ئاراستە، ئاراستەی یەکەم بۆ توێژینەوە بوو لەسەر پرسی کورد لە تورکیا، ئاراستەی دووم بۆ توێژینەوە بوو لەسەر هرێمی کوردستان و چۆنیەتی پەیوەندیەکانی لەگەڵ تورکیادا. لە توێژینەوە دیارەکانی ئاراستەی یەکەم، بریتی بوو لە توێژینەوەکەی نور بیلیج کرسس. بەناوی، سروشتی تیرۆریزمی (پ.ك.ك) لە تورکیا لە ساڵی ١٩٩٥ بڵاوکراوەتەوە. کە تیایدا کار لەسەر جیاکردنەوەی (پ.ك.ك) دەکات لە پرسی کورد[32]. هەروەها توێژینەوەکەی ئەحمەد ئاچدۆیگو، لەگەڵ دووهاورێی تری، بەناوی پرسی رەگەزی لە بارودۆخی ناسەقامگیردا: کوردەکانی تورکیا، کە لە ساڵی ١٩٩٩دا بڵاوکراوەتەوەو بە پشتبەستن بە داتای فەرمی، دەیسەلمێنێت کە کوردەکان هەژارترین خەلکی تورکیان. بەڵام دیارترن توێژینەوە لەسەر پرسی کورد لە تورکیادا لە ساڵانی نەوەدەکان بریتیە لە توێژینەوەکەی کمال کیرفلچی، لەگەڵ هاوکارەکەیدا ئەنجامیدوە بە ناوی پرسی کوردو تورکیا نمونەیەك لە ململانێی رەگەزی لە دەوڵەتدا. لە ساڵی ١٩٩٧ لە لەندەن لە دووتوێی کتێبێکدا چاپکراوە. کە تیایدا لە رێگای تیۆریەکانی تایبەت بە نەتەوەو نەتەوایەتی، هەروەها کەمینەی نەتەوەیی، دەچێتە سەر پرسی کورد لە تورکیا کە بە گەواهی چەندین کەسایەتی ئەکادیمی تورکیاو دەرەوەی تورکیا، بۆ ئەوکاتە یەکێك بووە لە توێژینەوە ئەکادیمیەکان لەسەر پرسی کورد[33].

[30] Fahrettin Kırzıoğlu: KÜRTLERĠN TÜRKLÜĞÜ
Tarih, Dil, Antropoloji, Etnografya, Etnoloji, Milli Destanlar, Gelenekler ve Folklor bakımından incelemeler, Ġstanbul. 1968, p4, 13, 24.
[31] Mahmut Rişvanoğlu: Doğu aşiretleri ve emperyalizm، Boğaziçi Yayınları,1992, p64, 234.
[32] Nur Bilge Criss: The nature of PKK terrorism in Turkey, Studies in Conflict & Terrorism, Volume 18, Issue 1, 1995
[33] Kemal Kiriflçi and Gareth Winrow, The Kurdish Question and Turkey: An Example of a Trans-State Ethnic Conflict.

هەرچی ئاراستەی دووەم بوو سەبارەت بە هەرێمی کوردستان، ئەوا چەندین توێژینەوە ئەنجامدرا لەوانە، وێژینەوەکەی حەسەن ئۆزمین بەناوی: پارتەکانی باکوری عێراق، کە باس لە سەرهەڵدانو ئامانجو مێژوی پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان دەکات[٣٤]. هەروەها توێژینەوەکەی مەحمود بالی ئایکان، بەناوی سیاسەتی تورکیا لە باکوری عێراق (١٩٩١-١٩٩٥)، کە گرنگی بە بونی تورکیا لە هەرێمی کوردستان دەدات بۆ رێگری کردن لە دروستبونی دەوڵەتی کوردی[٣٥]. لەنێو ئەم توێژینەوانەشدا توێژینەوەکەی پرۆفیسۆر ئومیت ئۆزداغە زیاتر دەردەکەوێت، بەناوی تورکیاو باکوری عێراقو (پ.ك.ك). لەگەڵ باسکردنی پێشینەی مێژوویی بونی (پ.ك.ك) لە هەرێمی کوردستانو سیاسەتی تورکیا لەسەر ئەم پرسە، لە سالآنی ١٩٨٢-١٩٩٩ ، توێژەر زیاتر گرنگی بە چارەسەری نێودەوڵەتی دەدات بۆ پرسەکەو بەرای ئەو تورکیا بە تەنها ناتوانێت لەم میانەدا رۆڵ بگێرێت[٣٦].

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوانەدا دەرکەوتووە کە پرسی کورد لەناو تورکیاو لەدەرەوەی تورکیادا جێگای سەرنجو تێرامانی ئەکادیمیەکان بووەو چارەسەری پرسەکە یان روبەروبونەوە لەگەڵیدا، گەلاڵە کراوە.

لێردا ئەحمد داوودئۆگلۆ[٣٧] پرۆژەیەك پێشکەش بە ناوەندی سیاسیو ئەکادیمیەکان دەکاتو دەیکاتە نەخشەرێگای بۆ تورکیا نەك بەتەنها بۆ پرسی کورد بەڵکو بۆ سەرجەم کێشە درێژخایەنەکانی تورکیا. ئەو پرۆژەیەش بەناوی قولآیی ستراتیجی، پێگەی تورکیاو رۆڵی لە مەیدانی نێودەوڵەتی[٣٨]، کە لەساڵی ١٩٩٩ بلآو کرایەوە.

ئەم پرۆژەیە لەکاتێکدا سەریهەڵدا کە تورکیا لەبەردەم مەزن بوون یان بچوکبونەوەدا بوو. مەزن بوون بەو مانایەی کە لەدوای تەواوبونی جەنگی دووەمی کەنداوو دەرکردنی عێراق لە کوەیتدا لە ساڵی ١٩٩١، توکیا بەهێزترین هەڵبژاردە بوو بۆ ئەوەی رۆڵی هێزی سەرەکی لە رژهەلآتی ناوەراست بگێرێت. چونکە عێراق لە جەنگەکەدا بەداروخانی سیستەمی ئابوریو تێکشکانی سوپاو لەدەستدانی کۆنترۆڵی دەوڵەت بەسەر ناوچە جیاوازەکانی دەوڵەتەکەی چووە دەرەوە. هاوکات ئێران هێشتا ماندوبونی هەشت ساڵ جەنگی تیادا مابوو هاوکات لەژێر گەمارۆی ئابوری ئەمریکادا بوو. تورکیا لەم کاتەدا بەسەرکردایەتی تورکۆت ئۆزال(١٩٨٣=١٩٩٣)، هەنگاوی بەرەو دەوڵەتێکی هەرێمی چالاك دەنا بەلآم کەرەستەی فکری سیاسیو هێزی ئابوریو ئاشتی ناوخۆیی لەبەردەستدا نەبوو. هەربۆیە لەدوای نەمانی ئۆزال لە دەسەلآتدا ناوەندەکانی بریاردان بەدەست ئەو کێشانەوە دەیانناڵآندو ململانێی نێوان دەوڵەتو ئیسلامی سیاسیو بزوتنەوەی کوردی لەوپەری برەودانەدا بوو،

---

[٣٤] Hasan Özmen, ‘Kuzey Irak’taki Kürt Partileri Aras›ndaki ‹htilaf›n Nedenleri’, *Avrasya Dosyas› Kuzey Irak Özel,* ‹lkbahar 1996, Cilt 3, Say› 1, s .55-60

[٣٥] Mahmut Bali Aykan, ‘Turkey’s Northern Iraq Policy,’ *Middle Eastern Studies,* Cilt.32, Say›. 4, 1996, ss. 347-350.

[٣٦] Ümit Özda¤, *Türkiye, Kuzey Irak ve PKK: Bir Gayri Nizami Savafl›n Anatomisi,* (Ankara, ASAM Yay›nlar›, 2000), s. 80.

[٣٧] لە ساڵی **١٩٥٩** لە کونیا لەدایك بووە. خوێندنی ناوەندی لە قوتابخانەی ئەڵمانی لە ئەستەنبوڵ تەواو کردووە، دەرچوی کۆلیجی ئابوریو زانستی کارگێرییە لە زانکۆی بەسفۆر، دکتۆرای لە زانستی سیاسیوپەیوەندی نێودەوڵەتی بەدەستهێناوە، لە زانکۆکانی مالیزیاو مەرمەرەو ئەکادیمیای سەربازیو ئەکادیمی وانەی وتۆتەوە. لە گرنگترین گتێبەکانی، (فەلسەفەو سیاسەت)، جیهانی ئیسلامی لەبەردەم گۆرانکارییە شارستانیەکاندا)، (قولآیی ستراتیجی)، کە ئەمەی دوایی وەرگێردراوەتە سەر زمانی عەرەبیو فارسیو یابانیو ئنگلیزیو پرتوگالیو روسیو ئەلبانی. گۆڤای (فۆرن پولیسی) لە ریزی **١٠٠** بیرمەندەکەی جیهانی داناوە بۆ ساڵی **٢٠١٠**. بە بیرمەندی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا دادەنرێت، چەندین پلەی پایەی سیاسی لەناو دەوڵەتدا بینیوە، وەك راوێژکاری سەرۆك وەزیرانو وەزیری دەرەوەی تورکیاو ئێستاش سەرۆکی حکومەتی تورکیایە لە ساڵی **٢٠١٤**. خاوەنی باوەری (بەسفرکردنی کێشکانە لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێدا".

http://www.aljazeera.net/news/reportsandinterviews

[٣٨] العمق الاستراتيجى موقع تركيا و دورها في الساحة الدولية: احمد داوود اوغلو: ترجمة، محمد جابر ثلجي و طارق عبداجليل، مركز الجزيرة للدراسات، الدوحة، ٢٠١٠.

ئیفلاسبونی بانکەکان و دارمانی بەهای لیرەی تورکی بەردەوام بوون. دواجار حکومەتە ئیئتلافییە تەمەن کورتەکان بارودۆخەکەی هێندەی تر شێواندبوو. لەم بارودۆخەدا ئەوەی تورکیای راگرتبوو بە پلەی یەك سیستەمی سەربازی دەوڵەت بوو کە توانیبوی تورکیا وەك دەوڵەت لەسەر پێکانی بە وەستاوی بهێڵێتەوە.

ئەم پرۆژەیەی داوودئۆگلۆ پرۆژەیەك بوو بە فکر ئیسلامی بوو بە کلتور عوسمانی بوو بە ئابوری پشتبەستوو بوو بە سامانی سروشتی و بازارەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست. بۆیە تێروانینەکانی بۆ پرسی کوردو هەرێمی کوردستان لەو روانگانەی سەرەوە بوو. لەم پرۆژەیەدا داوودئۆگلۆ تەوەرەیەکی بۆ تەرخانکردووە بەناوی پرسی کوردی لە نێوان بالانسی نێودەوڵەتی و ناوچەیدا: (باکوری عێراق و تورکیا).

بەرای ئەو مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی کورد پێویستە لە روی جیۆسیاسی و جیۆ ئیتنیکی و جیۆرۆشنبیری و جیۆ ئابوری بێت. ئێمە لێرەدا کورتەی بۆچونەکانی داوودئۆگلۆ دەخەینە روو:

١- پاشخانی جیۆسیاسی و جیۆ ئابوری و جیۆ ئیتنیکی پرسی کورد:

**پاشخانی جیۆسیاسی پرسی کورد،** چوار سیفەت دیاری دەکات کە، دوانیان کیشوەرییەو دوانەکەی تر ناوچەییە.

١. تەحەکومی ناوچەکەیە(مەبەستی کوردستانی گەورەیە) بەسەر گرنگترین هێڵی رێرەوەی کیشوەری کە بە باشوری دەریای قەزویندا دەروات لە دەڤەری رۆژهەلاتەوە بۆ رۆژئاوا لەکیشوەری دایك کە ئۆراسیایە.

٢. دەکەوێتە سەر هێڵی بەیەکگەیشتنی جیۆسیاسی نێوان دەشتەکانی ئۆراسیا لە باکورو دەریاکانی باشور لە دەڤەری باکور بۆ باشور، هەروەها لە نێوان قەفقاس کە چوار پشتێنەی رێرەوەی گرنگی بەسەرەوەیە بۆ کەنداوی عەرەبی لە رێگای هێڵی بەلکان-ئەفغانستان- هندی چینی-بە رۆژهەلاتی ناوەراست لە رێگایەکی تر.

٣. ئەنادۆل دەبەستێتەوە بە ناوچەی دۆڵی رافیدەین لە لایەك، هەروەها لە لایەکی تر بە قولایی ئاسیا لە رێگای ئێرانەوە.

٤. سەنتەری وشکانیە لە نێوان دەریای رەش- قەزوین- کەنداوی عەرەبی-رۆژهەلاتی ناوەراست. کە دەچێتە چوارچێوەی تایبەتمەندیە گرنگەکانی پێشینەی جیوسیاسی پرسی کورد.

**پاشخانی جیۆئابوری پرسی کورد** ، کە بەشێکە لە پێکهاتەی جیوسیاسی ناوچەکە، بالانسی (نەوت-ئاو) پێکدەهێنێت. هێڵی جیۆئابوری نەوتی قەفقاس و قەزوین بە کەنداو دەبەستێتەوە لە رێگای هەرێمی ئاوی دۆڵی رافیدەین کە یەکێکە لە پێکهێنەری سەرەکی رکەبەریە نێودەوڵەتیەکان لە ناوچەکەدا. ئەم رکەبەریە زیاتر بوو دوای ئەوەی تورکیا دەستی کرد بەپرۆژەی باشوری ئنادۆل(گاپ). هەر ئەم پێکهاتە جیۆسیاسیە جیۆ ئابوریە، لەپشت گۆرینی پرسی رۆژهەلاتی ناوەراستی گەورەوەیە .

**پاشخانی جیۆئیتنیکی پرسی کورد،** بە هەمان شێوە کاری لەسەر بلاوبونەوەی پێکهاتەی کورد کردووە لەناو گۆرەپانی کاریگەری لەسەر سێ پێکهاتە جێگیرەکەی تری رۆژهەلاتی ناوەراست کە تورك و عەرەب و فارسن. ئەم بنەما جیۆئتنیکیەی کورد لە عێراق و ئێران و تورکیا، مەیدانێکی کراوەی بۆ استغلالکردنی کورد کردۆتەوە بە تایبەت لە لایەن دەوڵەتە زلهێزەکانەوە. هاوکات پێکهاتەی خێڵەکی لایەنگری دەمارگیری پەیداکردووەو پێکهاتە جیۆ ئیتنیکیەکە زیاتر بەشبەش دەکات بۆ پارچەی بچوکتر و بواری ئیستغلال زیاتر دەکات. لە لایەکی تر دابەشبونە ئیتنیکیەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەفغانستان زۆر لەیەك دەچێت لە ململانێی ناوچەیی لەسەر پێگەو شەرەف. هەر لایەك براوە بێت یان دۆراو حەزی تۆڵەسەندنەوەی لە ململانێکەدا بەهێزتر دەبێت. هێزە دەرکیەکانیش لەبری چارەسەرکردنی کێشەکان، پشتگیری یەکێك لە دژی ئەوی تر دەکەن و

ململانێكە قوڵتر دەكەنەوە تا بواری دەسوەردانیان زیاتر بێت. كاریگەری دولایەنەی جیۆئیتنیكیو جیۆئابوری لەسەر یەكتر، پێكهاتەی سیناریۆی نوێ لە رۆژهەلاتی ناوەراست پێكدەهێنێت، ئەمەش پلانێكە بۆ گۆرینی پرسەكانی رۆژهەلاتی ناوەراست بۆ گرژی نێوان توركو عەرەبو ئێران لە سەدەی بیستو یەك كە تیایدا پرسی كوردو ئاو بەیەكدا چون تیایدا.

**پاشخانی جیۆكلتوری پرسی كورد،** لەدوای دوومین جەنگی كەندا لە ساڵی ١٩٩١،،سەرهەڵدانی كێشەی فەلستینیو عیراقیو كوردی زیتر لە پێشوو دەركەوت. ناوچەی ئاشتی گواسترایەوە بۆ دەڤەری فەلەستین- ئەردەنو ناوچەی شەریش بۆ عیراق- كەنداو مایەوە. عێراق بەهۆی ئەو فرە رەنگیەی لەروی ئیتنیو ئاینیەوە هەیبووە كاری كردۆتە سەر باڵانسی هێز لە ناوچەكەدا. بۆیە عێراق كلیلی ناوچەكەیە لەروی جیۆسیاسیو جیۆئالبوریو جیۆكلتوریەوە. سیاسەتی سەدام لە هەشتاكانو نەوەدەكان لە میانی جەنگەكانی لەگەڵ دراوسێكانی بە تایبەت دژی ئێرانو كوەیت، رۆڵی بینی لە تێكچونی باڵانس لە باكوری عیراقو پێگەی سەربازی لە ئیسرائیل- فەلەستینەوە گواستەوە بۆ سنوری ئێران-دۆڵی رافیدەین-كەنداو. كە ئەنجامەكەشی بەرزبونەوەی گرژی ئیتنیكی بوو لە باكوری عێراقو گرژی مەزهەبیی بوو لە باشوردا. مەترسی گەورە لەوەدایە ململانێ رەگەزیەكانی نێوان توركو عەرەبو كوردو فارس ببێتە نەخۆشیەكی درێژخایەن. لەسەر توركیا پێویستە بەشداربێت لە دەستپێشخەری ئاشتیدا بەسودوەرگرتن لە ئەزمونی دەوڵەتی عوسمانی لە ناوچەكە، ئەمەش دوای ئەوەی كۆتایی بە تیرۆری (پ.ك.ك) (رای داوودئۆگلۆیە) دەهێنێت. چونكە توركیا ناتوانێت ئاشتیەكی ناوخۆیی بەدیبهێنێت تا ئاشتی لە ناوچەكەدا فەراهەم نەبێت. بەلەبەر چاوگرتنی پێكهاتەی جیۆسیاسیو جیۆئابوریو جیۆئتنیكیو جێۆكلتوری ناوچەكە وا بۆ توركیا پێویستە كە لەروی كلتوریەوە بكرێتەوە كە سەرجەم پێكهاتە جیاوازەكانی ناوچەكە كە مێژوییەكی زیاتر لە ١٠٠٠ ساڵ پێكەوە ژیانیان هەیە ئاشتیانبكاتەوەو ئیحتوایان بكات. دەستگیركردنی ئۆجالانیش یاریەكی گەورەی هێزەكانەو پێویست توركیا تێروانینێكی ستراتیجی هەبێت بە جۆرێك رێگە بگرێت لە هێزە دەرەكیەكان بۆ بەكارهێنانی ناوچەكە بۆ بەرژەوەندی خۆیان[٣٩].

ب- كارەكتەرە نیودەوڵەتیەكان، گۆرەپانی تیكهەڵپژان، پرسی كورد:

ئاڵۆزیەكانی رۆژهەلاتی ناوەراست لە رێگای یاسا نیودەوڵەتیەكانەوە كۆنترۆڵ ناكرێت تا رێكخستنەوەیەكی سیاسی روونو دیاریكراو لە عێراقو فەلەستین وەك ناوچەی پێكداپژانو ئاڵوز نەیەتە كایەوە. هەرێمی كوردستانو كێشەی كورد پێگەیەكی دیاری لەم رێكخستنەوەیەدا دەبێت. هێزە نێودەوڵەتیەكان لە ساڵی١٩٩١ ویستی روخاندنی رژێمی سەدام حسینیان نەبوو، بۆیە هێزی عێراقیان كەمكردەوە بەبێ ئەوەی دەسكاری سنورە نێودەولەتیەكەی بكەن ئەمەش بە دیاریكردنی هێلی دژەفرینی ٣٦و ٣٢. بۆیە بواری بۆ دەسوەردانی ئەمریكای لە عێراقدا. بە شێوەیەكی شەرعیو بنكەی سەربازی لە ناوچەكەدا دامەزراندو رەنگی سەوزی بۆ كوردەكان داگیرسان تا كیانیك بۆ خۆیان دروست بكەن. كوردەكان تا پێنج ساڵ توانیان بمێنێتەوە بەلام كاتێك بەرژەوەندیەكانی توركیاو ئێرانو سوریا كارلێكی كرد هێزو بالانسی بچوكتر پێكهات. لێرەشدا سیاسەتی ئەمریكا بەتەواوی دەركەوت لە دابەشبونی عێراق. گروپە كوردیەكان راهاتبوون لەسەر بنیاتنانی هیوایەك بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی كوردی. ئەمە پرۆژەیە لەسەر مێز بوو ئەگەر ململانێكانی بارزانیو تالەبانی نەبونایە كە

[٣٩] المصدر السابق: ص ٤٧٣-٤٧٨

دوای خست. هەرچەندە ئەمریکا هەوڵی زۆری دا تا تورکیا رازی بکاتو ئێرانو سوریاش بێدەنگ بکات بەڵام دواتر هەستی بە مەترسیەکانی ئەم دەوڵەتە کرد.

جیاوازیەك هەیە لەنێوان تێروانینی ئەمریکیو ئەوروپی بۆ کێشەی کورد. ئەمریکا وەك کێشەیەکی عێراق دەیبینیو ئەوروپا وەك کێشەیەکی تورکیا دەیبینی. تورکیا بەهەردوو هەڵوێستەکە نارازییە. تیروانینی ئەوروپی، پەیوەندیەکانی تورکیاو ئەورپای ئاڵۆزتر. هاوکات بە هەڵوێستی ئەمریکی فارس بوو، چونکە کیانی هەرێمی کوردستان کاریگەری هەبوو لەسەر ناوخۆی تورکیا، هەروەها کۆکردنەوی سەرکردە کوردەکان لە واشنتن بێ ئاگاداری تورکیا، وایکرد تورکیا رێگە نەدات بنکەی ئەنجەرلیك بە چری دژی عێراق بەکاربێت بۆیە پێشوازی لە تارق عەزیز کرد. موو ئەمانە وایکرد کە ئەمریکا رۆڵی لە دەستگیرکردنی ئۆجالاندا هەبێت. دەستگیرکردنی ئۆجالان نامەیەکی ئەمریکی بوو بۆ تورکیا کە ناوەرۆکەکەی ئەوە بوو: کە بە دەستگیرکردنی ئۆجالان قوربانی درا بە پرسی کوردیو خستیەوە دەستی تورکیاو بەمەش ترسی تورکیا کەم بویەوە. بە گرتنی ئۆجالان کێشەکانی رۆژهەڵات چارەسەر نەبوو بەڵکو یاریەکی نوێ دەستی پێکرد ئەویش ئەوەیە داواکاریەکانی ئەمریکا لە تورکیا بۆ هاوکاریرکردنی سیاسەتەکەی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست زیاتر بووە. هەروەها داواکاریەکانی ئەوروپا لە تورکیا، کیشەی کوردی زیاتر بە کێشەیەکی تورکیا کرد[٤٠].

ج- رۆشنبیری سیاسیو کاریگەری ناوچەیی: پێگەی پرسی کورد راستەوخۆ پەیوەندی بە تورکیاوە هەیە لەروی سیاسەتی دەرەکیو پلانی ستراتیجی هەرێمیو یەکێتی ناوخۆییو تەواوکاری سۆسیۆکلتوریو سۆسیۆسیاسی. لە تورکیا وا سەیری کێشەی کورد دەکرا کە پەیوەندی بە لایەنی ئابوری یان کێشەی تیرۆرەوە هەیە، بەڵام ئەم تێگەیشتنە تەواو نیەو دەسگیرکردنی ئۆجالان کۆتایی بە کێشەی کورد ناهێنێت، هەتا لە عێراق لێڵی هەبێتو ئەگەری گۆرینی ناسنامەی کوردی لە هەرێمی کوردستان هەبێت ئەم پرسە بەردەوام دەبێت. چارەسەرەی هەمیشەیی پەیوەندی بە (هەستی مەرجەعیەتەوە) هەیە، کە بریتیە لە گەشەپێدانی رۆشنبیری سیاسی کە سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگە لەگەڵ سەرجەم ناوچەکاندا بە پەتی هاوڵاتیبونەوە بەیەکتر ببەستێتەوە بە جۆرێك شاڵاوە دەرەکیەکان زەفەر بە پێکهاتەی ناوخۆیی نەگەیەنێت. هاوکات "باری جیۆسیاسی کوردی" کە بە کاردەهێنرێت لە لایەن هێزە نێودەوڵتیەکانەوە، دەچێتە ناو پرۆسەیەکی تەواوکاری لەگەڵ هێزە ناوچەیەکاندا بەشێوەیەك کێشەکە چارەسەر دەکات کە هەموان (واتە گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەراست) یەك چارەنوسییان هەیە. رەگەزی جوگرافیو مێژوییو ئاینو کلتوری هاوبەش چەند بنەمایەکی نەگۆرەو بۆتە هۆی توانەوەی خەڵکانی ئەنادۆڵ لەناو یەکتردا لە رێگای هەستی مەرجەعیەتی کۆمەڵایەتی هاوبەش. باشترین هۆکاری چەسپاندنی هەستی مەرجەعیەت کەپشت ئەستور بێت بەو رەگەزانەی کە لە کۆنەوە ماونەتەوەو دەتوانێت کۆمەڵگە کۆبکاتەوە بریتیە لە هۆشی هاوڵاتیبون. ناتوانین هەستی مەرجەعیەتی کۆمەڵایەتی بخەینە گۆرەپانی شەرعیەتی سیاسیەوە تا هۆشی هاوڵاتیبون پێکنەهێنین. ئەمەش لە رێگای هەموارکردنەوەی یاسای هاوڵاتیبوون دەبێت کە سەرجەم کۆمەڵگە بەبێ جیاوازی لەخۆ بگرێت.

بۆیە دوو باوەری سەرەکی بۆ چارەسەر هەیە ئەویش بریتیە لە:

١. بەهێزکردنی هەستی مەرجەعیەتی کۆمەڵایەتی وەك گشتێك کە دابەشنابیتو پشگیریکردنی رەگەزی مێژوویو ئاینیو کلتوریو جوگرافی کە جەخت لەسەر ئەو هەستە دەکاتەوە.

[٤٠] المصدر السابق: ص ٤٧٩-٤٨٢

٢. زامنكردنی مافی یەكسانی هاوڵاتیبوون وەك بنەمای شەرعیەتی سیاسی بۆ ئەوەی پێویست بە دەسوەردانی هێزی دەرەكی بكرێت.

توركیا لە ئێستادا بیەویت یان نا، كەوتۆتە سەنتەری پلانە نوێكانی تایبەت بە عێراق- كورد- ئاو. لەم بارودۆخەدا پێویستە توركیا قولاییەكی ئاسیاوی لە ناو ستراتیجیەتی ئۆرۆ ئاسیاوی بەدیبهێنێتو قولاّیی ئاسیای پێویستە هەڵبژارەی حەتمی توركیا بێت. رۆچونە ناو ئەم قولاّییە بەدی نایەت تا توانای كارگەرێتی بەسەر رۆژهەلاتی ناوەراستەوە نەبێت. بۆیە ئەم زنجیرە ئالۆزیە رەگەزیەی كە ئەگەری سەرهەڵدانی هەیە لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا وا لە توركیا داوا دەكات كە پێگەیەكی وای هەبێت بیكاتە سەنتەرێك بۆ چارەسەركردنی ئەم ئالۆزیانە بۆ ماوەیەكی دوورخایەن لە ریگای تێروانینێكی جیۆكەلتوری. نەك بیكاتە لایەنگرێكی كاتی بۆ لایەكو كاریگەریەكی كەمخایەن هەبێت[٤١].

## تەوەرەی چوارەم- بەراوردكاری لە نێوان تێروانینەكانی حافزنیاو دوودئۆگلۆدا:

لەم تەوەرەیەدا بەراوردێك دەكەین لەنێوان هەردو تەوەرەی پێشوداو خاڵی هاوبەشو جیاواز دیاری دەكەین.

خاڵە هاوبەشەكان بریتین لەمانەی خوارەوە:

١. سەرهەڵدانی توێژینەوە ئەكادمیەكان لەهەردوو دەوڵەتدا دەگەرێنەوە بۆ دوای دووەمین جەنگی جیهانی، هۆكاری ئەمە دەگەرێتەوە بۆ سەرهەڵدانی بزوتنەوەی چەكداری لە باشوری كوردستان لە دوای ساڵی ١٩٦١، كە ئەمە هۆكار بووە بۆ زیندووبونەوەی پرسی كورد لەو دەوڵەتانە كە بۆ ماوەیەكی زۆر دەوڵەتی ئێرانیو توركی سەركوتی كردبوون.

٢. تا كۆتایی هەشتاكان تێروانیی ئەكادمیەكان بۆ پرسی كورد لە ژێر كاریگەری تێروانینی سیاسیەكانو میدیاكاندا بووە . بەلاّم هەریەك لە حافزنیاو داوودئۆگلۆ جیاواز لە دەوڵەت پرۆژەی خۆیان بۆ پرسی كورد دەخەنە روو.

٣. هەریەك لە حافزنیاو داوودئۆگلۆ لە روانگەی جیۆپۆلەتیكیەوە دەروانن هەرێمی كوردستانو تێروانینێكی دور مەودایان بۆ هەرێمی كوردستان هەیەو هەردوكیان دان بەو راستیەدا دەنێن كە لەدوای دووەمین جەنگی كەنداو جوگرافیای سیاسی ناوچەكە گۆراوە. هەردولا كۆكن كە جوگرافیای كوردستانو هەرێمی كوردستان بەستەرێكو هێلێكی پەیوەندی گرنگن لە ئاستی جیۆپۆلەتیكی ناوچەییو جیهانیدا. بۆیە ئەم باوەرە پێگەی جوگرافی كوردستانو هەرێمەكەی پربایەختر دەكات بە پێچەوانەی ئەو رایانەی پێشوتر دەوتران كە جوگرافیای كوردستانو هەرێمەكەی جوگرافیایەكی لاوازە. هەروەها هەردووكیان وەك ئەكادیمیەك دان بەوەدا دەنێن كە توركیاو ئێران پێویسە بە شێوەیەكی تایبەت مامەڵە لەگەڵ هەرێمی كوردستاندا بكەن. بە واتایەكی تر هەرێمی كوردستان لە ناو بیردۆزە جیۆپۆلەتیكیەكانی هەردوكیاندا جێگەی خۆی كردۆتەوەو خۆی سەلماندووە.

خاڵە جیاوازەكان بریتین لەمانەی خوارەوە:

١. خاڵی جیاوازی نێوان داوودئۆگلۆو حافزنیا ئەوەیە كە داوودئۆگلۆ توركیا بەكارتێكەری هەرێمی كوردستان دەبینێت توركیا بەناوی فكری ئیسلامیو كلتوری عوسمانیو سودوەرگرتن لە داهاتی نەوتیو ئاوی،

[٤١] المصدر السابق: ص ٤٨٣-٤٨٦

دەتوانێت هەرێمی کوردستان هەڵمژێت و دواجار لە دورمەودادا هەر نەشمێنێت لەژێر کاریگەری مەرجەعیەتی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری هاوڵاتیبوون ئەمەش لەباوەری دادوودئۆگلۆوە سەرچاوەی گرتووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ئەویش بریتییە بە گەرانەوە بۆ چارەسەری ئیسلامی عوسمانی و کلتوری سەدەکانی پێش سەدەی بیست کە تیایدا هەستی ململانێی رەگەزی بونی نەبووە. بەڵام حافزنیا هەرێمی کورستان بە کارتێکەر دەبینێت نەك بۆ ئێران بەڵکو بۆ دەوڵەتانی دەوروپشت. نەك هەر ئەوە کوردایەتی وەك فکر بە ناسنامەی هاوبەشی کور دەزانێت و وەك کۆکەرەوەی کوردو بیری بەدەوڵەت بونی کوری دەزانێت. حافزنیا تێروانینی بۆ داهاتوی رۆژهەڵاتی ناوەراست بریتیە لە گەشەسەندنی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەك ببێتە سەنتەرێك بۆ کورد لە رۆژهەڵای ناوەراست و دەوڵەتە کەنارەکانی وەك تورکیاو ئێران و عێراق و سوریا.

بەرای ئێمە لێرەدا حافزنیا بەدەر لەوەی کە خودی خۆی لەسایەی رژێمێکی ئیسلامیدا ژیان بەسەر دەبات بەڵام پیمان دەڵێت نەخشەی سیاسی ناوچەکە لە دابەشبونی رەگەزی نزیکترە نەك لە یەکسانی لە هاوڵاتیبوندا. هەرچەندە پرۆژەی رۆشنبیری هاوڵاتیبون لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا پرۆژەیەکی ئەرێنییە بەڵام لە ئێستادا هیچ هێزێك نییە توانای جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیەی هەبێت بەتایبەت دەوڵەتی تورکیا کە ململانێ رەگەزیەکان و مەزهەبیەکان بەردەوام لە قوڵبونەوەدان.

٢. بەرای داوودئۆگلۆ بزوتنەوەی کوردی بزەتنەوەیەکی داردەستەو لەدەرەوەی رۆژهەڵاتی ناوەراست بەکاردەهێنرێت بۆ تێکدانی پەیوەندی دەڵەتان و گەلانی ناچەکە، بەڵام حافزنیا لە توێژینەوەکەیدا بەروونی ئەوە دەخاتە روو کە زۆرداری و ستەمی دەوڵەتە ناوچەییەکان هۆکارێکی گرنگە بۆ ئەوەی کوردی هەر چوار پارچەکە خۆیان بە هاوڵاتی تەواوەتی دەوڵەتی خۆیان نەبینن و بۆ بەدیهێنانی ئامەنجە نەتەوەیەکانیان بە ناچاری پشت بە هێزی رۆژئاوایی ئەوروپی و ئەمریکی ببەستن.

٣. هەردوو توێژەر کار لەسەر بیردۆزی ماکندەر[٤٢] دەکەن بەناوی جیگای دڵ، بەڵام داوودئۆگلۆ تورکیا بە دڵی رۆژهەڵاتی ناوەراست دەبینێت و کاریگەری لەسەر گەلانی ئاسیاو ئەفریقاو ئەوروپا دادەنێت بە سود وەرگرتن لە کلتورو مێژووی عوسمانی، بە پێچەوانەی حافزنیا،کە کوردستان بە دڵی رۆژهەڵاتی ناوەراست دادەنێت و کاریگەری لەسەر دەوڵەتە کەنارەکانی وەك تورکیاو ئێران و عێراق و سوریا دادەنێت.

٤. توێژینەوەکەی حافزنیا هەرێمی کوردستان وەك یەکەیەکی سەربەخۆ دەبینێت کە خاوەنی خەڵك و خاکی تایبەت بە خۆیەتی، بەڵام لە توێژینەوەکەی داوودئۆگلۆدا هەست بە سەریەخۆی هەرێمی کوردستان ناکەیت، بەشێوەیەك دارێژراوە کە ئەگەر زۆر وردبین نەبین وا دەزانین باس لە بەشێك لە خاکی تورکیا دەکات. هاوکات حافزنیا زیاتر گرنگی بە جوگرافیای مرۆیی هەرێمی کوردستان دەدات و کاریگەری فکریی کوردایەتی و مرۆڤی کورد لەسەر دەوروپشتی دەخاتە روو، بەڵام داوودئۆگلۆ زیاتر گرنگی بە جوگرافیای سروشتی ناوچەکە دەدات و وەك دەرگای پشتەوەی تورکیا دەیبینێت بەتایبەت لەروی سامانی نەوتی و ئاویەوە. هەر بۆیە دەتوانین

[٤٢] بیردۆزی ماکندەرن یان بیردۆزی سەنتەر یان بیردۆزی دڵ، لە لایەن هالفورد ماکندەری بریتانی دارێژراوە لەساڵی ١٩٠٤ وەك بیردۆزێکی جیپۆلەتیکی، بە ناوی (خالی پێداگری جوگرافی بۆ مێژوو). ئەو باوەری وایە ئەوەی مێژووی جیهانی دروست کردووەو دەیکات دانیشتوانی ناوچە ناوخۆییە مەزنەکانن کە دەشتەکانی رۆژهەڵاتی ئەوروپاو رۆژهەڵات و ناوەراستی ئاسیا دەگرێتەوە، کە فشار دەخەنە سەر ناوچە کەناریەکان. ئەو هێزەی کۆنترۆڵی ئەو ناوچەیە بکات رێگەی بۆ دەکرێتەوە بۆ دەستگرتن بەسەر ناوچەکانی کەناردا لە کیشوەری ئەوروپاو ئاسیادا. Robert E Dickinson: The Makers of Modern Geography, Routledge &Kegan Paul, London,1979, p91-92

بڵێن بیرکردنەوەی حافزنیا لەسەر هەرێمی کوردستان بیرێکی مرۆیی مـرۆڤ دۆسـتییە بەپێچـەوانەی داوودئۆگلـۆ کە بیرکردنەوەیەکی ئابوری بەرژەوەندییە.

٥. توێژینەوەکەی حافزنیا توێژینەوەیەکی ئەکادیمیە، ئامانـج تیایـدا توێژینەوەیە لە پێناوی زانست، بـەڵام توێژینەوەکەی داوودئۆگلۆ توێژینەوەیەکی ئەکادیمیە کە ئامانج تیایدا توێژینەوەیە لەپێناو دارشتنی پرۆژەیەك بۆ داهاتوی تورکیا. هەر ئەم جیاوازیەشـە وا دەکات توێژینەوەکـەی حافزنیـا نـامۆ بێـتو دەنگدانـەوەی گـەورەی نەبێت. بەڵام توێژینەوەکەی داوودئۆگلۆ دەنگدانەوەیـەکی گـەورەی پەیـدا کـردووە بـەجۆرێك جێگـای تێرامـانی سیاسیەکانو ناوەندەکانی توێژینەوەی تورکیا بووە بـە جۆرێـك ئـەم توێژینەوەیـە داوودئۆگلـۆی پلـە بـە پلـە لـە ناونـدی بریـاردان بـەرزکردەوەو کردویـەتی بـە سـکرتێری گشـتی پـارتی دادو گەشـەپێدانی تورکیـاو سـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران. بەدیوێکی تریشدا دەتـوانین بڵـێین ناوەنـدەکانی توێژینـەوە لـە تورکیـا زیـاتر کاریگـەرییان لەسەر دروستکردنی بریار هەیـە، جیـاواز لـە ئێـران کـە ناوەنـدەکانی توێژینـەوە کاریگـەرییان کـەمترەو پیـاوانی ئـاینیو ئەفسـەرانی سـوپا دیوەکـەی تـری دەوڵـەتن نـەك ئەکادیمیـەکان. تـەریك کـەوتنی باوەرەکـانی حافزنیـا دەرخەری راستی وتەکەی ئێمەیە.

٦. خاڵێکی گرنگ لە بیرواکانی حافزنیادا ئەوەیە کە پێماندەڵێت کە هەرێمی کوردسـتانو دەوڵـەتی کـوردی مەترسی گەورە نییە لەسەر ئێران، چونکە باوەرەکانی حافزنیا ئەم کەسایەتیەی لە ئێراندا توشی لێپێچینەوەی یاسایی نەکردووەو تاوانبار نەکراوە بە بەش بەش کردنی دەوڵـەت. هـەر بۆیـە ئەمـە گۆرانکاریـەکی گەورەیـە لـە سیاسەتی ئێران بەرامبەر بە پرسی کورد. هاوکات گۆرانێکی گەرەیـە لەئاسـتی ئەکادیمیـە باڵاکـانی ئێرانیـدا کـە بەبێ سانسۆر ئەم پرسە دەوروژێنو هەر ئەم توێژینەوەی حافزنیا بە دەیان توێژینەوەی تری ئەکادیمی لەسـەر پرسە سیاسیو ئابوریو یاساییەکانی بەداوی خۆیدا هێناوە. ئەمە بە پێچەوانەی تورکیاو ئەکادیمیـەکانی، کـە تـا ئێستا توێژینەوە لەسەر دەوڵەتی کوردی بەستراوەتەوە بە پرسی تیرۆرو دەسوەردانی دەرەکی لەوپرسەدا.

**ئەنجام:**

توێژینەوە ئەکادیمیەکان بەوە لە نوسینو باوەرەکانی تر جیا دەکرێتەوە کە لەپشتیەوە خوێندنەوەیـەکی قـوڵو تێگەیشتنێکی گشتگیرو هەڵسەنگاندنێکی بێلایەنو ئەنجامێکی دروستمان دەدەنێ. بۆیـە لـەم توێژینـەوەدا بـەو ئەنجامە دەگەین، هەریەك لە حافزنیاو داوودئۆگلۆ دوو تێروانینی ئەکادیمی جیاوازمان پێدەڵێن لەسەر هـەرێمی کوردستان کە لە ئێستادا هەردوکیان ئەگەری جێبەجێبونی هەیە. حافزنیا هەرێمی کوردستان دەکات سەنتەر بۆ رۆژهـەڵاتی ناوەراسـتو هێـزی کارتێکـەری بـۆ دەوڵـەتانی کـەنار پێدەبەخشێت. داوودئۆگلۆ تورکیـا دەکـات بـە سەنتەرو کارتێکەرو هەرێمی کوردستان وەك کەنارو کارتێکەر پیشان دەدات.

کەواتە لە یەك کاتدا هـەرێمی کوردسـتان لەبـەردەم ئەگـەری مـەزن بـوون یـان بەهەڵمبونـدایـە. لێـرەدا پێویسـتە تێروانینەکانی داوودئۆگلۆ زیاتر لەبەرچاو بگیرێتو خوێندنەوەی زیاتری بۆ بکرێت چـونکە ئـەوەی داوودئۆگلـۆ لە حافزنیا جیادەکاتەوە ئەوەیە داوود ئۆگلۆ ئێستا لە لوتکەی بریاربەدەستانی تورکیایە بە پێچەوانەی حافزنیـا کـە لـە ناوەنـدێکی توێژینـەوەدا کاردەکـاتو باوەرەکـانی تـەنها وەك تێروانینێکـی ئـەکادیمی لەلایـەن ناوەنـدی بریاردانی ئێرانی رەچاو دەکرێت.

**سەرچاوەكان:**


- **كتێبی عەرەبی:**

١. **احمد داود اوغلو: العمق الاستراتيجي موقع تركيا و دورها في الساحه الدوليه: احمد داوود اوغلو: ترجمه، محمد جابر پلجي و گارق عبدالجليل، مركز الجزيره للدراسات، الدوحه، ٢٠١٠.**

- **كتێبی فارسی:**

٢. **حميد احمدی: قوميت‌و قوم گرايی در ايران، افسانه‌و واقعيت، كتابخانه ملی ايران،١٣٧٨**

٣. **غلام رضا رشيد ياسمی: كردو پيوستگی نژادی ان، انتشار امير كبير، ١٣٦٣.**

٤. **دفتر سياسی سپاه پاسداران انقلاب اسلامی: كردستان "امپرياليزم‌و گروههای وابسته،١٣٥٩.**

- **كتێبی ئنگليزی:**

٥. Kemal Kiriflçi and Gareth Winrow, The Kurdish Question and Turkey: An Example of a Trans-State Ethnic Conflict.

٦. Robert E Dickinson: The Makers of Modern Geography, Routledge &Kegan Paul, London,1979.

- **كتێبی توركی:**

٧. Ümit Özda¤, Türkiye, Kuzey Irak ve PKK: Bir Gayri Nizami Savafl›n Anatomisi, (Ankara, ASAM Yay›nlar›, 2000.

٨. KÜRTLERĠN TÜRKLÜĞÜ Tarih, Dil, Antropoloji, ؛ Fahrettin Kırzıoğlu Etnografya, Etnoloji, Milli Destanlar, Gelenekler ve Folklor bakımından incelemeler , Ġstanbul. 1968.

٩. Boğaziçi ،Doğu aşiretleri ve emperyalizm ؛Mahmut Rişvanoğlu Yayınları,1992.

- **توێژینەوەی عەرەبی:**

١٠. **سامی الخزندار و گارق الٲسعد : دور مراكز الفكر و الدراسات في البحث العلمی و صنع السياسات العامه، مجله السياسه والقانون، الجامعه الهاشميه الٲردنيه، ٢٠١٢.**

- **توێژینەوەی فارسی:**

١١. **جيهانگير كرمی: گزارش از تحولات شمال عراق در ده١٩٩٠ (٧٦-١٣٦٩)، مجله (سياست دفاعی)، شماره ٢٠-٢١، ١٣٧٦.**

١٢. أصغر جعفر ولدانی :چشم داشتهای ترکیه بەشمال عراق، بش دوم، مجله (اطلاعات سیاسی اقتصادی) شماره ٩٨-٩٧.

١٣. محمد رضا حافظ نیا: تاثیر خودگردان کردهای شمال عراق بر کشورهای همسایه .« ، فصلنامه تحقیقاتی جغرافیایی شماره ٨٣ ، ١٣٨٥،

- توێژینەوەی ئنگليزی:

١٤. Luiza Soare, CREATING A LINKAGE BETWEEN ACADEMIC RESEARCH AND POLICY-MAKING, EUROPOLITY, vol. 7, no. 2, 2013.

١٥. LaVerne Williamson Hill: Public Sector Political and Academic Linkages in Policymaking, Journal of Higher Education Outreach and Engagement, Volume 11, Number 1, p. 221, (2006)

١٦. Abbas William Samii: THE NEAREST AND DEAREST ENEMY: IRAN AFTER THE IRAQ WAR، Middle East Review of International Affairs(MERIA) Vol. 9, No. 3 (September 2005)، www.meria.idc.ici

١٧. Nur Bilge Criss: The nature of PKK terrorism in Turkey, Studies in Conflict & Terrorism, Volume 18, Issue 1, 1995.

١٨. Mahmut Bali Aykan, 'Turkey's Northern Iraq Policy,' Middle Eastern Studies, Cilt.32, Say›. 4, 1996.

- توێژینەوەی توركی:

١٩. Hasan Özmen, 'Kuzey Irak'taki Kürt Partileri Aras›ndaki ‹htilaf›n ‹lkbahar 1996 Nedenleri', Avrasya Dosyas› Kuzey Irak Özel,

- فەرهەنگی ئەلكترۆنی:

٢٠. www.oxforddictionaries.com/definition/english/academic

٢١. http://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/academic

٢٢. http://www.wata.cc/forums/showthread.php

٢٣. http://www.almaany.com/answers/267779/

٢٤. http://www.collinsdictionary.com/dictionary/english/academist

٢٥. //www.britannica.com/topic/academy-organization

- سايتی ئەلكترۆنی:

٢٦. http://hafeznia.ir/

٢٧. http://www.aljazeera.net/news/reportsandinterviews

**الملخص:**

يرى كل من ايران وتوركيا اقليم كوردستان جسما غريبا غير مرغوب فيه في خارطة المنطقة. هذه هي الصورة التس تروج لهل السياسة والاعلام. الا ان للاكادميين الايرانين والتركيين نظرة خاصة مغايرة توازى هذه النظرة السياسية والاعلامية.

في بحثنا هذا، (نظرة الاكادمين الايرانين والتركيين حول اقليم كوردستان، حافظ نيا وداود اوغلو نموزجا)، نلقي الاضواء على اطروحاتهم وهما قابلتان للتطبيق على الارض الواقع. يجعل حافظ نيا من اقليم كوردستان مركزا للشرق الاوسط يكون له التاثير على الدول التى تقع حولها، فيما يجعل داود اوغلو في تركيا المركز الفاعل ويرى في اقليم كوردستان حاشية تتاثر بهذا المركز وتنفعل به.

## Summary

Kurdistan region used to be seen as an unfavoured strange entity by Iran and Turkey. This was an image drawn by the politicians and the media. However, the academemias have their own vision and opinion who have achieved scientific researches about the Kurdistan region, side by side the politicians and media. In this research, one comes to the conclusion that each of Hafiznia and Davutoğlu show different academic visions concerning Kurdistan region, both visions are now feasible. Hafiznia makes Kurdistan a centre for the Middle East with influential power on peripheral states, while Davutoğlu makes Turkey the centre and expects Kurdistan to be peripheral and influenced.